# ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری هانوڤەری ئاڵمان

وەک نەریتێکی ساڵانە لە وڵاتی ئاڵمان ڕۆژی کۆمەڵە بە بەشداری ئەندامان و دۆستان و پەنابەرانی کورد، لە نێو زەوق و خۆشی و بیرەوەری ڕۆژانی سەخت و پێشمەرگایەتی بەڕێوە دەچێت.

ئەمساڵیش ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری هانوڤەر لە ڕۆژی شەمبە ١١-٠٣-٢٠٠٦بە بەشداری سەدان کەس لە کوردانی نیشتەجێ لە تاراوگە بەڕێوەچوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە پەخشانێک و کورتەیەک لە ژیاننامەی کۆمەڵە لە لایەن بەڕێوەبەرانی مەراسمەکە هاوڕێیان کەماڵ عەلیدووست و کەژاڵ بلووری‌یەوە دەستی پێ کرد. پاش بەخێرهێنانی میوانەکان و خوێندنەوەی ڕیزی بەرنامەکان دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ یادی هەموو شەهیدانی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد و ڕێبازی سۆسیالزم ڕاگیرا، بێدەنگیەکە بە سروودی بانگەواز شکێندرا. وتاری کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە لایەن هاوڕێ سیامەک مودەڕسی‌یەوە خوێندرایەوە. هاوڕێ سیامەک لە وتارەکەیدا باسی لە هەلومەرجی ئێستای ئێران و کێشەی چەکی ناوەکی لەگەڵ ڕۆژئاوا کرد و ئەوەی دووپات کردەوە، کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نابێ لەم کێشەیەدا بکەونە جەبهەی دیفاع لە کۆماری ئیسلامی و جارێکی دیکە هەڵەی پارتە چەپەکان لە ساڵانی سەرەتای شۆڕش دوبارە بکەنەوە. هاوڕێ سیامەک هەروەها باسی بارودۆخی باشوری کوردستان و ئەو فورسەتەی کە لەوێ بۆ کورد خوڵقاوە کرد و ئاماژەی بەوە کرد، کە کۆمەڵە پشتیوانی لەم ئەزموونە دەکات و لە عەینی کاتدا تێبینیشی هەیە.

پاش وتارەکەی هاوڕێ سیامەک شێعرێکی ناسری حیسامی کە بۆ ڕۆژی کۆمەڵە وترابوو لە لایەن هاوڕێ کەماڵ عەلیدووستەوە پێشکەش کرا. دواتر پەیامی کۆمیتەی ناوەندی بە زمانی فارسی بۆ میوانە فارس زمانەکان لە لایەن هاوڕێ فاروخ مەعانی بەرپرسی تەشکیلاتی ئاڵمانی کۆمەڵەوە خوێندرایەوە. پەیامی حیزب و پارتە سیاسییەکان بەشێکی دیکەی بەرنامەکانی پێک دێنا، کە ئەوانیش بریتی بوون لە:

1. یەکیەتی نیشتمانی کوردستان/ هانوڤەر
2. حیزبی شیوعی کوردستان لە ئاڵمان
3. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمان
4. پەیامی کۆماریخوازان و لائیک لە ئێران
5. ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی ئەکسەرییەت
6. ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران
7. پەیامی کەسایەتی ناسراو دوکتور گوڵموراد مورادی
8. پەیامی ڕێکخراوی کورد و ئاڵمان لە شاری فڕانکفۆرت
9. پەیامی کۆڕی هونەری لاوانی شۆڕش

بە خوێندنەوەی مێژووی کۆمەڵە بە زمانی فارسی لە لایەن هاوڕێ جەمشید پیشیاری کۆتایی بە بەشی یەکەمی بەرنامەکان هات. بەرنامەی موزیک و شایی و هەڵپەڕکێ بەشی دووهەمی بەرنامەکانی پێک دێنا، کە لە لایەن هونەرمەندان شەهین تاڵەبانی و نەجمەددینی غوڵامی بە یارمەتی مۆسیقا ژەنەکان مامۆستا گۆران، مامۆستا فاروق و مامۆستا شازاد ڕازایەوە، کە ئەم بەشە هەتا درەنگانی شەو لە نێو شایی و خۆشی بەشداراندا درێژەی هەبوو.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران - کۆمیتەی ئالمان**

**١٦- ٠٣- ٢٠٠٦**